# موراد کاوە:




***■ جێهێشتن وڵات و رووکردنە هەندەران کارێکی قورسە بۆ هەر مرۆڤێك، بە هەزاران رۆڵەی کوردستان ئەم رێیە سەختەیان هەڵبژاردووە لەوانەش هونەرمەندان کە رەنگە هەندەران و غەریبی بۆ ئەوان قورستر بێت، هونەرمەند موراد کاوە خەڵکی شاری نەغەدەی رۆژهەڵاتی کوردستانە و چەندین ساڵە لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە، سەرەتا وەك ژەنیارێك هاتە نێو بواری هونەرەوە دواتر لەبەر ئەوەی بەهرەی گۆرانی گوتنی هەبوو و خاوەن دەنگێکی خۆش و ناسکە دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، چەندین بەرهەمی گۆرانی بڵاوکردۆتەوە و جگە لە گۆرانی وەك موزیك ژەنێکیش بەشداریی لە چەند بەرهەمێکی دیکەی هونەریدا کردووە، دوای ماوەیەك لە دابڕان ئێستا بە بەرهەمێکی نوێ گەڕاوەتەوە کە چەندین گۆرانی نوێ و فۆلکلۆریش لە خۆدەگرێت بە شێوازێکی نوێ، بەڵام ئەم بەرهەمە تاکو ئێستا لە کوردستان وەکو پێویست بڵاونەکراوەتەوە. ئێستاش سەرەڕای ئەوەی لە گۆرانی گوتن بەردەوامە لە هەمان کاتدا جگە لە سەرقاڵ بوونی بە خوێندن،بەڕێوەبەری ماڵپەری کوردلاندە کە ماڵپەرێکی هەمەرەنگی گشتییە.■***

*** بەرهەمی فرمێسکی گەش لە چەند گۆرانی پێك هاتووە و گۆرانیەکان چین؟**

ئەو بەرهەمە لە ١٠ گۆرانی پێکهاتووە. ناوی گۆرانیەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:

تاسەی نیشتمان، فرمێسکی گەش، دەی وەرە وەرە، عەشقی شیاو، سەربەستی، ڕاز و نیاز، وەنەوشە، تۆ جوانی، تۆ چاوبازی، یارەکەم چاوی شینە.

*** ئاواز و تێکستی کێن؟**

لەو ١٠ گۆرانییە، ٤ دانەیان ئاوازی خۆمە (تاسەی نیشتمان، فرمێسکی گەش، وەنەوشە و تۆ چاوبازی)، گۆرانی "تۆ جوانی" ئاوازی هونەرمەند کاك بێهزاد خدرە، "یارەکەم چاوی شینە" ئاوازی هونەرمەند کاك قادر سەیاحییە. ئاوازی "سەربەستی" لە باوکم وەرگرتوە و ئاوازی ٣ گۆرانییەکانی تر لە مێلۆدی وڵاتە دراوسییەکانم وەرگرتووە.

نوسینی تێکستی گۆرانییەکانیش بەو شێوەن: تاسەی نیشتمان، دەی وەرە وەرە، سەربەستی، تۆ چاوبازی هۆنراوەی باوکم سەعید کاوە"یە. فرمێسکی گەش هۆنراوەی "مامۆستا هێمن"ە. هۆنراوەی وەنەوشە و تۆ جوانی هی کاك حەسیب قەرەداغی‌یە، عەشقی شیاو کاك سیروان کاروانی نوسیوێتی، یارەکەم چاوە شینە هۆنراوەی کاك قادر سەیاحییە و تێکستی راز و نیاز هی خۆمە.

*** جیاوازی چییە لە گەڵ بەرهەمەکانی تر؟**

جیاوازی هەرە بەرچاوی ئەو بەرهەمە لە گەڵ بەرهەمەکانی ترم ئەوەیە کە موزیك، تێکست و گۆرانییەکانی "فرمێسکی گەش" نوێن، یانی تا ئێستا نەگوتراون، تەنیا یەك گۆرانی کۆنە، ئەویش "یارەکەم چاوی شینە"، کە ئاواز و هۆنراوەی هونەرمەند کاك قادر سەیاحییە.

*** بۆچی دەرکەوتنت وەك پێویست نییە و بەرهەمی زۆرت نییە؟**

بەشی زۆربەی کاتی من تا ئێستا یا بە خوێندن یا بە کار کردن گیراوە، بۆیە کاتێکی زۆرم نەبووە تا ڕۆژانە بە پێی پێویست کاتی زۆر تەرخان بکەم بۆ موزیك. من لە ڕاستیش دا زۆر باوەڕم بە کاری زۆر و بۆر نییە، کاری کەم و پوختەم پێ باشترە.

*** ئایا هونەرمەند بە زۆری بەرهەم و گۆرانی دەتوانێ بوونی خۆی بە کۆمەڵ بسەلمێنێ؟**

بە ڕای من جەماوەر دەتوانی بوونی هونەرمەند بە بەرهەمەکانی هەڵسەنگێنی. چونکە زۆری بەرهەم ناتوانێ ببێتە بەڵگەی پەسەندکراوی بوونی هونەرمەند.

*** بە ڕای تۆ لە کوردستان هونەرمەند چ سەنگێکی هەیە لە ناو کۆمەڵگا و لە لایەن دەسەڵاتەوە؟**

پێم وایە هونەرمەند لە ناو کۆمەڵگادا بە پێی فەرهەنگ و زانیاری و سیاسی هەڵدەسەنگێندرێ. هەروەها لە ڕوانگەی دەسەڵاتداریشەوە ئەو دەسەڵات و سابیت بوون و دەوڵەتەی لە میللەتان و وڵاتانی تر هەیانە، دەسەڵاتی کوردی و کۆمەڵگای کوردیش نەگەیشتۆتە ئەو جێگایەی بە تەواوی هونەر پارێز و بەرنامەی هونەری هەبێ.

*** ئێستا و دۆخەی هونەری کوردی چۆن دەبینی؟**

لە ڕوانگەی منەوە، دەسەڵات دەروازەیەکی ئاوەڵەی بۆ هونەرمەندان پێك هێناوە. بەڵام لێرەدا هونەرمەند و دەسەڵات پێویستە بەرنامەریزی داهاتووی هونەری بکەن.

*** ئەگەر وەك پێویست نییە، هۆکارەکەی هونەرمەندان، یان جەماوەر یان دەسەڵاتە؟**

هەر سێکیان بە نۆبەی خۆیان لێپرسراون، جەماوەر هونەرمەند پێکدێنێ، هونەرمەندیش پێویستە یاسای هونەری بپارێزێ و دەسەڵاتیش پاڵ پشت و پشتیوانەی هونەری ڕاستەقینە بێت.

*** هونەرمەندان چییان لە ئەستۆدایە بۆ پێشخستنی هونەری کوردی؟**

لە ڕوانگەی منەوە پێویستە هونەرمەندان هەوڵ بدەن هونەری کوردی بەرەو پێش بەرن و لە ئاستێکی بەرزدا ڕایبگرن. بەڵام ئەو بردنە پێش و مۆدەرنیزە کردنە کە خۆی لە خۆیدا کارێکی باشە، بە مەرجێك هونەری کوردی ئەو مۆرك و ڕەسەنایەتیەی خۆی لە دەست نەدات.





# ژانی گەل
# نوێنەری عێراق بۆ ئۆسکاری ٢٠٠٨ !!!

پشتیوان عەبدوڵڵا

تا ئێستا ڕێك نەكەوتووە فیلمی سینەمای كوردی (ژانی گەل) كە لە دەرهێنانی جەمیل ڕۆستەمییە ببینم، پێمخۆشە لە دەرفەتێكدا چاوم بە دیمەنەكانی فیلمەكە بكەوێت، كەچی زۆریان دەربارەی فیلمەكە بۆ باس كردووم، بەڵام دوا جار خەیاڵ و چاو وئەندێشەی خۆم دوا بڕیار لەسەر فیلمەكە دەدات.

هەڵبەتە من بە ئەندێشە فیلمەكەم دیوە بە حوكمی ئەوەی لەسەردەمی هەرزەكاریمدا نۆڤلەكەم چەند جارێك خوێندۆتەوە و سەردەمی خۆی ڕووداوی نێو نۆڤلەكە دیمەن و وێنەیەكی تەواوی پێ بەخشیووم، بەڵام هەڵبەت لەنێوان نۆڤلەكە و فیلمەكە ڕەنگە ڕووخسارو دیدگای جیاواز هەبێت، چونكە هیچ كاتێك سینەمای كۆپی تەواوی دەقی ئەدەبی و داستانی ڕۆمان نەبووە.

ئەم فیلمەش لە دەرهێنانی (جەمیل ڕۆستەم)ی هونەرمەندە كە زۆریان لەبارەی بۆ باس كردووم، بەڵام بەداخەوە لە نزیكەوە ئاشنای نەبوومە و نایناسم، نایناسم بە مانای ئەوەی تەواو لە هزر و خەیاڵی سینەمایی ئەو هونەرمەندە نەگەیشتووم تا بتوانم هەر هیچ نەبێت حوكمێكی سەرەتایی لەسەر بەرهەمەكە بدەم، ئەوەندەش دەزانم لە سەرەتای نەوەدەكانی سەدەی ڕابردووەوە بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕین هونەرمەند (حەمە عەلی خان) نیاز و پرۆژەیەكی وای بەدەستەوە بوو (ژانی گەل) بكاتە فیلم، بەڵام نازانم بۆ بە ئەنجام نەگەیشت، هەڵبەت ئەو كاتیش تەكنیكی وا لەبەر دەستدا نەبوو كارێكی هونەری پێ ئەنجام بدات، ئێستا ڕەنگە ئەو فیلمە هی (حەمە عەلی خان) بوایە یەكسەر بێ بینین ڕاو حوكمی خۆم لەسەری دەدا، چونكە تەواو لە هزر و خەیاڵ و هەستی سینەمایی ئەو دەگەییم.

با ئەم پێشەكییە بەس بێت و بێینە سەر ئەسڵی بابەتمان، ئێوارە بوو لەبەردەم Tv دانیشتبووم ریكلامی (ژانی گەل)م لە كەناڵی كوردسات بەیانی كە بەیانی لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی بۆ جەماوەر نمایش بكەن، ئەمەیان شتێكی باشە بینەری كورد و جەماوەری سینەما فیلمی خۆی ببینێت، بەڵام ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاكێشام لە دوایین بڕگەی ریكلامەكە نووسرابوو و خوێندرایەوە (فیلمی ژانی گەل نوێنەری عێراق بۆ ئۆسكاری ٢٠٠٨ )ە، ئەم بڕگەیە زۆر سەرنجی ڕاكێشام و وای لێكردم یەكسەر لە قەڵەم و كاغەز بگەڕێم و دەست بە نووسین بكەم، چونكە ئێستا بە دەگمەن ساڵێ وتارێك نانووسم لەبەر ئەوەی حاڵی حازر ئەوەندە عەوداڵی نووسین نیم لەكاتێكدا ٤ كتێبی سینەماییم دەستنووس هەڵگرتووە تاقەتم نییە پاكنووسی بكەم یاخود هەر بیر لە چاپكردنی بكەمەوە، سەدان جاریش وەعدم بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەكان داوە شتیان بۆ بنووسم دوایی وەعدەكەم ڕاست دەرنەچووە .

ئەو بڕگەیەی (نوێنەری عێراق بۆ ئۆسكاری ٢٠٠٨) ناكرێ ریكلامێك بێت بۆ فیلمەكە، باوەڕ ناكەم، چونكە هەر بە خۆڕایی ناكرێ ریكلامی لەم شێوەیە بكرێت و ئەمە گران دەكەوێتەوە لەسەر ستافی فیلمەكە و لەسەر كەناڵی كوردسات و بگرە لەسەر كورد و مێژووی هونەری سینەمای كوردیش، خۆ پێشتر چەندین جارم لەسەر مەسەلەی كورد و ئۆسكار و چوونی فیلمی كوردی بۆ ئەكادیمیای ئۆسكار و پاڵاوتنی فیلمە كوردییەكان بۆ ئەم خەڵاتەم نووسیبوو، هەموو جارەكانیش (بەداخەوە) ڕای من زاڵ بووە و سەركەوتووە ئەویش لەبەر ئەوەی واقیعیانە لەسەر مەسەلەكە دواوم، بەڵام ئەم جارەیان ڕاو بۆچوونم پێچەوانەی هەموو جارەكانی ترە، چونكە ئەگەر بێتو ئەو بڕگەیە تۆزێك واقیعیانە بێت (وێنەری عێراق بۆ ئۆسكاری

٢٠٠٨) ئەوا مەسەلەکە جۆرێکی دی لە خۆ دەگرێت، بەڵام با جارێ موناقەشەی بنەڕەتی بڕگەکە بکەین:

-١ نوێنەری عێراق بۆ؟ مەبەستم بۆ عێراق (خۆ هەر دەشێ وابێت) بۆ کوردستانی عێراق نەبێت؟ ئایا فیلمەکە کوردییە یان عێراقی؟ سینەمای کوردییە یان عێراق؟

-٢ ئایـــا حکومەتی عێراق فیلمەکەی بـــە نوێنەری خۆی داناوە یان کوردستان داوای کردووە عێراق رەوانەی بکات؟ دواتر حکومەتی عێراق بەم مەسەلەیە ئاگادارە؟

-٣ هەمیشـــە واباوە ٣ مانگ بەر لە دابەشکردنی خەڵاتی ئۆســـکار هەر وڵاتێك فیلمی خۆی رەوانە دەکات، ســـەرتای مانگی شـــوبات ئەکادیمیای ئۆسکار ناوی فیلمە پاڵێوراوەکان دەستنیشان دەکات، ســـەرەتای بەهاریش واتە لە مانگی ئادار خەڵاتەکە ئاشـــکرا دەکرێت باشـــترین فیلم و باشترین فیلمی بیانی (کە بڕگەی ئێمەیە)، بەڵام رەنگە بڕگەی ریکلامەکە لە ســـاتەوەختی ناردنی فیلمەکان زووتر بێت مەگەر شـــتێك هەیە پێشتر بڕیار درابێت ئەو فیلمە کوردییە بکرێتە نوێنەری عێراق بۆ ئۆسکاری ٢٠٠٨ خۆ ئەو شتەش هەیە.

گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەو هەموو گریمانانە راســـت بن و ســـەرکەون ئەوا گریمانی ســـەدا حەفتا هەیە ئەو جارە شانسی کورد و ســـینەمای کورد (لە چوارچێوەی سینەمای عێراق) هەڵبســـتێ و فیلمەکە بۆ ئۆسکار بپاڵێورێت، لێرەدا شـــتێك هەیە لە بیرم کرد دەزانن بۆچی بڕگەی ریکلامەکە سەرنجی راکێشام و تۆزێك لە راستییەوە نزیك بوو کە نەیگوت (پاڵێوراوی عێراق بۆ ئۆســـکاری ٢٠٠٨) چونکە جیاوازی زۆر هەیە لەنێـــوان نوێنەر و پاڵێوراو، نوێنەر دەنێردرێت دواتر رەنگە بپاڵێورێت، ئەم ریکلامە پێچەوانەی ریکلامی ساڵانی پێشـــووە کە دەگوترا فلانە فیلمی ســـینەمایی کوردی بۆ خەڵاتی ئۆســـکاری فلانە ساڵ پاڵێوراوە، خۆ ئەگەر (ژانی گەل) بۆ ئۆسکار بپاڵێورێت (ئیحتیمالیش) زۆرە، بەس ئەگەر عێراق رەوانەی بکات و بیکاتە نوێنەری خۆی، بەم شـــێوەیە ئیحتیمالی زۆرە فیلمەکە خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی بیانی ساڵی ٢٠٠٨ وەربگرێت ئەویش لەبەر زۆر هۆ:

-١ لەبەر ئەوەی نوێنەری عێراقی فیدراڵە کە ئەزموونێکی نوێی پاش ئازاد کردنە لە لایەن ئەمریکاوە .

-٢ گرنگتر لەوە فیلمێکی کوردییە کە کوردســـتان دۆست و هاوپەیمانـــی ئەمریکا بووە لە ئازاد کردنی عێراق و هێنانە کایەوەی ئەزموونی نوێ و سیستەمی دیموکراسی.

-٣ لە هەموویشـــی گرنگتر فیلمەکە سیاســـییە و باس لە خەباتی گەلی کوردســـتان و عێراق دەکات دژی رژێمی دیکتاتۆری پێشـــوو (کە ئەمە خاڵێکـــە هەم عێراقی و هەم کوردستان و هەم ئەمریکاش لەسەری تەبان).

-٤ لەبەر ئەوەی فیلمەکە سیاســـییە و لەسەر کوردستان و عێراقە بازاڕی باش پەیدا دەکات و ئەوانیش ریکلام بۆ بازاڕ و سیاسەت دەکەن.

ئەمانە و چەندان شـــتی تر چەندیـــن راو بۆچوونێکن کە دەکرێت لەســـەر بڕگـــەی (نوێنەری عێراق بۆ ئۆســـکاری ٢٠٠٨) بوروژێنرێن، بەڵام وادیارە بۆ من بەســـە ئەوەندە قسە بکەم و لاپەڕەی هەفتەنامەش پتر لەوە هەڵناگرێ بۆیە قسە و راو ســـەرنج بۆ کەســـانی دوای خۆم بەتایبەتیش ستافی فیلمەکـــە و ئەوانەی لە لە باســـەکە و ریکلامەکەوە نزیکن بەجێ دەهێڵم.



## شەزا دەبێتە خاوەن پاسپۆرتی دیبلۆماسی

ئیلاف- سەرچاوەیەك لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق رایگەیاند کە پاسپۆرتێکی دیبلۆماسی دەبەخشرێتە شەزا حەسون دوای ئەوەی توانیی نازناوی ســـتار ئەکادیمی بەدەســـت بهێنێت، سەرچاوەکە ئەوەشـــی راگەیاند کە هوشـــیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق فەرمانێکی وەزاری دەرکردووە بە بەخشینی ئەم پاسپۆرتە بە شەزا کە لـــە بەغدا دەردەچێت بێ ئەوەی بێت بۆ وەرگرتنی لە بەغدا، و رۆژی چوارشـــەممەی رابردوو پاسپۆرتەکە دەرچووە و بۆ شەزا دەنێردرێت لە رێگای یەکێك لە باڵیۆزخانەکانی عێراق لە دەرەوە.

ئەم بڕیارە لە کاتێکدایە کە زۆربەی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق پاڵەوانی جامی نەتەوەکانی ئاســـیا تا ئێســـتا پاســـپۆرتە دیبلۆماســـییەکانی خۆیـــان وەرنەگرتووە کە وەك پاداشـــتێك بۆ بەدەستهێنانی جامەکە پێیان بەخشرابوو، چونکە وەزارەتی دەرەوەی عێراق مەرجی ئەوەی دانابوو کە پێویســـتە هەر یاریزانێك خۆی بێت بۆ وەرگرتنی لە بەغدا.

شایەنی گوتنە شەزا حەســـونی تەمەن ٢٦ ساڵ لە باوکێکی عێراقی و دایکێکی مەغریبییە توانیی لە مانگی نیسانی رابردوو پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت لە پێشبڕکێی ستار ئەکادیمی.



## چارلز تیرۆن : من ئەفریقاییم

خانمە ئەکتەری ســـینەمایی باشـــووری ئەفریقیا و هەڵگری خەڵاتی ئۆســـکار چارلز تیرۆن رایگەیاند کە زۆر شـــانازی بە رەچەڵەکی ئەفریقیی خۆیەوە دەکات و زۆریش سوپاســـی خەڵکی وڵاتەکەی دەکات بۆ ئەو پشـــتگیرییە بەردەوامەی ئێســـتا و لە ســـەرەتاوە لێیان کردم، هەروەها هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکات کاتێـــك هاووڵاتیانی ئەفریقی ئیمێلم بـــۆ دەنێرن بۆیە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەم یارمەتی وڵاتەکەم بدەم و زەردەخەنە بخەمە سەر لێوی هاونیشتیمانی خۆم ئەوانەی بەدەست هەژاری و نەدارییە دەناڵێنن، تیرۆن ئەوەشی راگەیاند کە ئێستا خەریکی ئەنجامدانی پرۆژەیەکی گەشەپێدانی وڵاتەکەیەتی بە سەرپەرشتی رێکخراوی نەتـــەوە یەکگرتووەکان کە سەرتاســـەری کیشـــوەری ئەفریقیاش دەگرێتەوە، هەروەها هەر کاتێك دەرفەتی هەبووبێت ئەوا سەردانی وڵاتەکـــەی دەکات هەرچەنـــدە لەبەر ســـەرقاڵ بوونی بە کاری هونەری ئەو دەرفەتەی زۆر نییە، شـــایەنی باسە بە پێی راپرسی یەکێك لە گۆڤارە بەناوبانگەکان چارلز تیرۆن توانیی ببێتە خاوەنی نازناوی سەرنجڕاکێشترین ئەکتەری ئافرەت.

# سینەما لە

# پەڕینەوە لە غوبار و نیوە مانگ و ژانی گەل

# فیلمە ئەوروپییەکان لە پێش

ئا/ خەلیل بلەیی
xelil2001@yahoo.com

لە ساڵی ٢٠٠٧ دا وەك زۆربەی ساڵانی پێشووتر چەندین فیلمی کوردی نوێ بەرهەمهاتن و هەندێکیان کە لەو ساڵەدا نمایش کران و چەندین خەڵاتیان بەدەستهێنا لە سەر ئاستی جیهانی و لە فیلمە سەرکەوتووەکانی بوون، گرنگترین ئەو فیلمانە (پەڕینەوە لە غوباری) ی شەوکەت ئەمین کورکی و (نیوە مانگ) ی بەهمەنی قوبادی و (ژانی گەل)ی جەمیل ڕۆستەمی و (دوای تێکچوون)ی هونەر سەلیم بوون، فیلمەکەی شەوکەت ئەمین کە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، یەکێك بوو لە فیلمە درەوشاوەکانی ساڵ و توانیی لە چەندین فیستیڤاڵی جیهانی و ئیقلیمی نزیکەی ١٠ خەڵات بەدەست بهێنێت لە بوارە جیاجیاکانی تایبەت بە سینەما لە فیستیڤاڵەکانی سەنگافورا و میسر و هیند و ڕۆتردام و تالین لە ئیستۆنیا و لەندەن، بە شایەدی سەرپەرشتیارانی فیستیڤاڵەکان یەکێك بوو لە فیلمە هەرە پێشکەوتووەکان لە هەموو ڕوویەکەوە، بە هەمان شێوە فیلمی (نیوە مانگ)ی بەهمەنی قوبادیش لە چەندین فیستیڤاڵدا بەشداری کرد و سەرکەوتن و خەڵاتی بەرچاوی بەدەستهێنا و، بۆ ساڵی ٢٠٠٨یش بەهمەن خۆی ئامادە دەکات بۆ دەرهێنانی چەند کورتە فیلمێکی دیکە، فیلمی (ژانی گەل)ی جەمیل ڕۆستەمی ئەویش یەکێك بوو لەو فیلمانەی کە ئەم ساڵ لە فیلمە سەرکەوتووەکانی کورد بوو کە دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو لە هەموو ئاستەکاندا و لە فیستیڤاڵی ئیتاڵیای سینەمایی خەڵاتی پلاکی کلۆپی بەدەستهێنا و لە جەژنی ماڵی سینەمای ئێران بەشداری کرد و خەڵاتی باشترین میوزیکی بەدەستهێنا، هەروەها دەنگۆی ئەوە هەیە کە پاڵێوراوە بۆ نوێنەرایەتی کردنی عێراق لە فیستیڤاڵی ئۆسکار بۆ ئەم ساڵ کە ئەمەش خەونی هەموو کوردێکە، وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەوڵێکی نوێدا بەرهەمهێنانی ژمارەیەك فیلمی لە ئەستۆ گرت بە شێواز و سیستەمێکی نوێی جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو بە شێوەی گرێبەست لەگەڵ دەرهێنەر و ستافی فیلمەکە، هەر لە ساڵی ڕابردوودا کۆمپانیای ئەڤینی فیلم یەکەم فیستیڤاڵی کورتە فیلمی عێراقی فیدراڵی لە شاری هەولێر بە بەشداری ٧٠ فیلمی کوردی و عێراقی ساز کرد، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و تێبینییە سینەمای کوردی هەر لە قاڵبی چەند ساڵەی خۆی دەرنەچوو هۆڵەکانی سینەما لە کوردستان هەر چۆڵ و وێران بوون و چەند دیمەنێکی تێدا نمایش دەکرێت کە دوورە لە ڕەوشت و دابونەریتی کۆمەڵگای کوردەواری، سەرەڕای ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری بڕیاری دامەزراندنی چەند هۆڵێکی سینەمایی لە شارەکانی کوردستان دابوو، بەڵام هێشتا هەوادارانی سینەما چاوەڕوانی بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پڕۆژانەن کە زۆر پێویستن بۆ ئەمڕۆی سینەمای کوردی.



**ئەمریکا ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران و ئاشتکردنەوەی عەرەب لە سینەما**

یەکێك لەو فیلمانەی ئەم ساڵ لە سەرتاسەری جیهان مشتومڕێکی زۆری نایەوە و بووە هۆی ئەوەی کە سیاسەتمەداران



# ـــە ساڵی ٢٠٠٧

# ـــی گەل گرنگترین فیلمی کوردی بوون

# ـــەوەی فیلمە ئەمریکییەکانەوە هاتن


لێی بە دەنگ بێن و بە ئاشــکرا باســی بکەن فیلمی (٣٠٠) بوو کە باس لە جەنگێکی نێوان لەشــکری ئێرانــی و رۆمانی دەکات لــەم فیلمەدا ٣٠٠ جەنگاوەری رۆمانی ســوپایەکی چەند ســەد هەزار کەســی ئێرانییەکان دەبەزێنــن، ئەم فیلمە بووە هۆی ئەوەی مەحمود ئەحمەدی نەژادی ســەرۆکی ئێران بە ئاشکرا لە وتارێکدا رابگەیەنێــت کە بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە پلانێکی ئەمریکی نوێیە دژی ئێران و گوتی:ئەمریکا لە سیاســەتدا سەرنەکەوت و دەیەوێ لە رێگای ئەم جۆرە فیلمانــەوە دژایەتیمان بکات و دڵنیاین تێیدا سەرکەوتوو نابێت.

فیلمی (شانشین) ئەویش یەکێك بوو لەو فیلمانەی کە ئەم ساڵ دەنگ و ســەدایەکی زۆری هەبوو لە وڵاتانی عەرەبی، چونکە بۆ یەکەم جارە هۆڵیۆد عەرەب بە شێوەیەکی ئیجابی دەردەخات ئەویش بریتییــە لە هاوکاری و هەماهەنگییــان لەگەڵ ئەمریکییەکان لە لێکۆڵینەوە لە رووداوێکی تیرۆریســتی کە چەند ئەمریکییەکی لە سعودیا کردبووە ئامانج و زۆر لە لایەنگرانی ئەمریکا رایانگەیاند کە ئەمە یەکەم جارە هۆڵیۆد بە ئینسافەو باس لە عەرەب و کۆمەڵگای ئیســلامی و هەڵوێســتیان بەرامبەر بە دیاردەی تیــرۆر دەکات، هەرچەنــدە لە چەند وڵاتێك وەك کوێت و بەحرێن رێگا بە نمایشــکردنی نــەدرا بە بیانــووی ئەوەی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دژایەتی عەرەب دەکات و بە بێ توانا نیشــانیان دەدات، لایەنێکی دیکەی فیلمەکە ئەوەیە باس لە ترسی سیاســەتمەدارانی ئەمریکا دەکات لەو راپۆرتانەی کەناڵی ئەلجەزیرە لەعێراق ئامادە و پێشکەشی دەکات، تا ئێستا کاریگەریی فیلمەکە بەسەر ئەمریکییەکانەوە بە باشی دیارنەکەوتووە هەرچەندە فیلمەکە پەیامێکی ئاشکرایە بۆ ئەوان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەك زۆربــەی فیلمەکانی دیکەی ئەمریکییە کە پشــتگیری لە سوپای ئەمریکا دەکات لە جەنگی دژە تیرۆر.

**سەرنەکەوتنی هۆڵیۆد لە جەنگی عێراق**

هۆڵیۆد دوای ١٠ ســاڵ لە کۆتایی هاتنــی جەنگی ڤێتنام ئینجا رووداوەکانی پەیوەســت بوو بە کۆتایی هاتنی جەنگەکە و گەڕانەوەی سەربازە ئەمریکییەکان بۆ وڵاتەکەیان بۆیە چیرۆکی زۆربەی فیلمەکان دەربارەی هاتنەوەی ســەربازەکان و ســەختی جەنگ لە وڵاتێکی دوور، بەڵام لە عێراق تەنیا دوای ســێ ساڵ جەنگەکە خرایە ســەر شاشــەی ســینەما لە چەند فیلمێکدا کە ســەرکەوتنێکی بازرگانی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا شایەنی باس کردن بێت و، جەماوەری ســینەمای لێــی دوورکەوتەوە ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەو کەشــو هەوایە بێــت کە دەزگاکانی راگەیاندن بە هەموو شــێوەکانییەوە دەیگوازنەوە و، لەبەر ئەوەی ئەمریکییەکان زۆر حــەز بــە هەواڵەکانی جەنگ ناکەن بۆیە لــە فیلمەکانیش دوورکەوتوونەتەوە، پۆل هینگــس دەرهێنەری فیلمی ( لە دۆڵی ئیلاهــدا ) بەم دواییە رایگەیاند ئێســتا ئەمریکییەکان ئامادە نین هاوســۆزی خۆیان بــۆ عێراقییــەکان و رووداوەکانی جەنگ





دەربڕن بۆیە فیلمەکەی چەند نهێنی و شتی شاراوەی تێدایە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر و گەڕانەوەی سەربازە ئەمریکییەکانی لە عێراق و ئەمریکای ناوەڕاستی تێکەڵ کردووە و ناچاربوون باجی ئەو سیاسەتە بدەنەوە کە دووچاری جەنگی کردوون، دەرهێنەری بەناوبانگ (برایان دی پالما)ش فیلمێکی دەربارەی جەنگی عێراق دەرهێناوە کە باس لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەکات ئەویش کوشتن ودەستدرێژی کردنە سەر کچێکی عێراقییە لە نزیك بەغدا، بە شێوەیەکی گشتی فیلمە ئەمریکییەکان دەربارەی جەنگی عێراق لە ئاست تێرکردنی ئارەزووی جەماوەری ئەمریکی نەبوون.

**فیلمە ئەورووپییەکان بە خەرجییەکی زۆر کەم جیهان سەرسام دەکەن**


بەر لە ٨ مانگ فیلمی ئەڵمانی (ژیانی ئەوانی دیکە) بۆ یەکەم جار نمایش کرا و ئێستاش لە زۆربەی هۆڵە سینەماییەکانی ئەورووپا بەردەوامە، ئەم فیلمە توانیی خەڵاتی زۆربەی ئەو فیستیڤاڵانە بەدەست بهێنێت کە بەشداریی تێدا کرد لەوانەش باشترین فیلمی بیانی بۆ خەڵاتەکانی ئۆسکاری سینەمایی و خەڵاتی باشترین فیلمی ئەورووپی، ئەم فیلمە لە دەرهێنانی فۆریان هینکل فۆنە و فیلمەکە چیرۆکێکی مرۆڤایەتییە باس لە هاوڕێیەتییەکی ڕاستەقینە و چاوەڕوان نەکراو دەکات لە نێوان پیاوێکی ئاسایش و شانۆکارێکی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای کۆمۆنیستی بەر لە ڕووخانی دیواری بەرلین، فیلمەکە هەروەها کەسایەتییەکی ئافرەتی تێدایە کە ئەویش شانۆکارە و هاوڕێی کوڕەکەیە و کاریگەرییەکی زۆری لە فیلمەکەدا هەیە بەتایبەتی کە کۆتایی ئافرەتەکە بە ڕووداوێکی دڵتەزین دەبێت ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە لایەن دەزگاکانی موخابەراتەوە لە ڕووی دەروونی و سێکسییەوە ئیستیغلال دەکرێ، کۆتایی فیلمەکە ئازارێکی مێژووی دەخاتە ڕوو کە بینەر بە ئاسانی دەچێتە ناخییەوە،هەروەها ڕووحێکی گەشبینی تێدایە بۆ دوارۆژ سەرەڕای ئەوەی دەرخستنی ڕژێمی دیکتاتۆری ئەو سەردەمە کە بە دژایەتی کردنی هونەر و کلتور و ئارەزووی بۆ دەست بەسەرداگرتنی هەموو شتێك، ئەوەی زیاتر فیلمکەی دەرخست بودجەی بەرهەمهێنانیەتی کە لە شەش ملیۆن دۆلار کەمترە لەکاتێکدا بودجەی هەر فیلمێکی ئەمریکی خۆی لە سەد ملیۆن دۆلار دەدات، لە ڕۆمانیا و فەرەنساش ساڵی ٢٠٠٧ دوو فیلم بەرهەمهاتن کە کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو و توانییان چەندین خەڵاتی جیهانی بەدەست بهێنن ئەوانیش فیلمی (٣ مانگ) ی دەرهێنەری ڕۆمانی کریستیان مۆنگۆی کە باس لە دیاردەی لەبار بردنی منداڵ دەکات لەگەڵ فیلمی (قەرەبوو)ی دەرهێنەری فەرەنسی ئین مەکوین و فیلمی (ژیانی گوڵێك) ئەویش فیلمێکی فەرەنسی بوو باس لە ژیانی خانمە گۆرانیبێژ ئەدیس بیاف دەکات، هەر لە ساڵی ڕابردوو دوو سینەماکاری گەورەی ئەورووپی ماڵاواییان کرد ئەوانیش دەرهێنەری سویدی ئەنگمار بریگمان و دەرهێنەری ئیتاڵی میکائیل ئەنجیلۆ ئەنتۆنیۆ بوون، هەرچۆنێك بێت دەتوانرێ ساڵی ٢٠٠٧ بە ساڵی سەرکەوتنی سینەمای ئەورووپی بەسەر سینەمای ئەمریکی دادەنرێت.

باشترین فیامی ئەوروپی بودجەکەی ٦ ملیۆن دۆلار بوو، کە چی بودچەی هەر فیلمێکی ئەمریکی نزیکەی ١٠٠ ملیون دۆلارە

**سکر بنات ڕووداوێکی دەگمەن لە سینەمای عەرەبی**

هەر لە ڕۆژی نمایش کردنی فیلمی (سکر بنات) کە فیلمێکی لوبنانییە چەندین خەڵاتی لە فیستیڤاڵ جیاجیاکانی جیهان بەدەستهێناوە، ئەم فیلمە کە لەدەرهێنانی نادین لەبکییە باس لە بەیروت و کەسایەتی ئافرەت دەکات، ئەو ڕێڕەوەی کە لە سینەمای لوبنانیدا لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو باو بوو شکاندی،وەك زۆربەی فیلمەکانی دیکە بێبەش نەبوو لە سیاسەت، چونکە کەسایەتییەکانی فیلمەکە و هەوڵدانی بەردەوامیان بۆ ژیان و ڕزگاربوون لە بارودۆخی سەختی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەشێکن لەو ڕەوتە فیکرییەی ئێستا لە لوبنان باوە لە چوارچێوەی ڕەوتە فیکری و سیاسییە ئاڵۆزەکانی ژیانی لوبنانییەکان، لەوانەیە هەر ئەمەش بووبێتە هۆکاری ئەوەی کە چەندین خەڵات بەدەستبهێنێت و بە یەکێك لە هەرە فیلمە سەرکەوتووەکانی ساڵ دابنرێت لە سەرتاسەری جیهان، هەروەها بە واقعە چاوەڕوانکراوەکەی پیشان دەدات نەك ئەو واقعەی ئێستا هەیە و لە ناخەوە پارچە پارچە بووە.

نادین لەبکی کە بە یەکێك لە دەرهێنەرە بە جورئەتەکان ناسراوە لە کلیپەکانیدا هەمان شتی لە یەکەم تاقیکردنەوەی لە فیلمی درێژ دووبارە کردەوە، بەڵام بە شێوازێکی نوێی چاوەڕوان نەکراو چارەسەری بۆ گرفتەکانی ژیانی پاڵەوانەکانی دیاری کرد.





نادین لەبکی توانیی ڕێرەوی ٢٠ ساڵەی سینەمای لوبنانی بشکێنی